# ڕێ و ڕەسمی ڕێزگرتن لە ڕۆژی کۆمەڵە لە شاری تۆرنتۆی کانادا

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٧ی مانگی فێورییەی ٢٠٠٤، ئاهەنگی ڕێزگرتن لە ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە بە بەشداریی جەماوەرێکی زۆر بەڕێوەچوو. لەو کۆبوونەوە بەرینەدا نزیکەی ١٥٠٠ کەس بەشدار بوون. لە کۆبوونەوەکەدا نوێنەرانی ژمارەیەک لە حیزبەسیاسییەکانی کوردستانی و ئێرانییەکان و هەروەها نوێنەری پارلمانی فیدرالی کانادا و، هەواڵنێرانی تلڤیزیۆنی ٢٤ سەعاتەی ئامریکای باکوور و هەواڵنێرانی هەفتەنامەی «شهروند»، «ایران ستار» و، «خانەوخانوادە» بەشدار بوون.

ئاهەنگەکە بە سروودی «کۆمەڵەی زەحمەتکێشانین» دەستی پێکرد و بە ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە یادی هاوڕێ حەمەحوسێنی کەریمی و هەموو گیانبەختکردووانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم و بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی کوردستان و هەروەها قوربانیانی کارەساتە تیرۆریستییەکەی هەولێر درێژەی پێدرا.

هاوڕێ فارووقی بابامیری ئەندامی دەفتەری سیاسیی کۆمەڵە وتارێکی پێشکەش کرد و تێیدا باسی هەل و مەرجی سیاسیی ئێستای ئێران و کوردستان و ناوچەکەی کرد. هەروەها هاوڕێ هاشمی عەبدی بەرپرسی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە کانادا وتەیەکی کورتی پێشکەش کرد.

لە درێژەی کۆڕەکەدا پەیامی پیرۆزبایی حیزبە سیاسییەکان خوێندرانەوە و بەڕێز جیم کرجیانیس ئەندامی پارلمانی فیدرالی کانادا پەیامی پشتیوانی لە خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی کوردستانی پێشکەش کرد.

لە درێژەی ئاهەنگەکەدا هونەرمەندانی دەنگخۆش و بەناوبانگی کوردستان، ناسری ڕەزازی و نەجمەی غولامی کۆمەڵێک سروود و گۆرانییان پێشکەش کرد. شایانی باسە بەشی کوردیی دەنگی ئەمریکا ڕیپۆرتاژێکی ڕاستەوخۆی لە ئاهەنگەکە بڵاو کردەوە کە تێیدا هاوڕێ شەهابی ڕەشیدی بەرپرسی کۆمیتەی بەڕێوەبەری ئەو ئاهەنگە لە بابەت چۆنییەتی بەڕێوەچوونی ئاهەنگەکە قسەی کرد.

پەیامی پیرۆزابیی ئەم حیزب و ڕێکخراو و کەسایەتیانە لە کۆبوونەوەکەدا پێشکەش کران کە لێرەدا جارێکی دیکە سپاسی خۆمانیان پێشکەش دەکەین کە لەو کۆڕەدا ئامادە بوون:

- یەکیەتیی نیشتیمانیی کوردستان
- حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران
- بەڕێز جیم کرجیانیس ئەندامی پارلمانی فیدرالی کانادا

ـ سەنتەری کورد لە لەندەنی کانادا
ـ کۆمەڵەی ژنانی کورد لە لەندەنی کانادا
ـ جەبهەی دیمۆکراتیکی خەڵکی عەرەبی ئەحواز
ـ ئەندامی کۆنگرەی کورد لە ئەورووپا

کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
ڕێکخراوی کانادا
١٧ی فێورییەی ٢٠٠٤